# ئەمریکا و ئەنفال

سەردار عەزیز

ئەمریکا؛ هەر تەنها ناوێک نیە بۆ وولاتێ، بەڵکو وەک خۆی حەزئەکات کە وەها بناسرێت، لە هەمانکاتدا، چەمکێکە بۆ نوێ، باشتر، مرۆڤانەتر. ئەمە هەردەم بەشێک بووە لەو بڕوایەی کە گوایە ئەمریکا لە جێگاکانی تری دونیا ناچێ بەڵکو تایبەتە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. لە ساڵی 1630 قەشە جۆن وونترۆپ ئەو ووتەزایەی دارێژا کە تائەمرۆ سەدای هەیە لە ناوەندە جیاجیاکانی ئەمریکا و جیهاندا. ئەو ووتەزایە کە لە بنەرەتدا مۆرکێکی ئاینی هەیە ووتەزای شارێک بە سەر گردێکەوەیە. قەشە وونترۆپ مەبەستی لەم دێرە ئەوەیە کە ئەوان وەک کۆمەڵە خەڵکانێ (پرۆتستانت) کە چوونەتە ئەو سەرزەمینە نوێیە کۆمەڵگایەک بونیاد ئەنێن کە بەرزتر و درەوشاوەتر بێت لەو کۆمەڵگایەی کە جێیان هێشتووە. کۆمەڵگایەک کە ببێتە نموونە بۆ مرۆڤایەتی. لەتوێ ئەم بڕوایەدا چەندین دونیابینی سەیر و جودا مت بووە. لە هەموویان ئاشکراتر ئەو بڕوایەیە کە ئەگەر ئەمریکا نموونەی چاکەیە ئەوا لە هەمانکاتدا ئەرکی سەر شانیەتی کە ئەو چاکەیە بە دونیادا بڵاوبکاتەوە. هەر ئەم جیهانبینیەیە کە بە جۆرێکی سیکویلار لە نێو پارێزەرە نوێکاندا سەدای هەیە. بەتایبەت بەرپرس بوونی ئەمریکا لە بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەدونیادا و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. (دیارە ئەم دونیابینیە لە قەیرانێکی سەختدایە، چ لە رووی پراکتیزەوە وەک لە عێراق، چ لە رووی فیکریەوە، پاش جودابوونەوەی فرانسیس فۆکۆیاما، بە تایبەت لە کتێبەکەی ئەم دوایەدا لە ژێر ناوی، لە پاش پارێزەرە نوێکان. ئەگەر دەرفەت هەبێ بە دوورو درێژی دەربارەی فۆکۆیاما ئەدوێین، چونکە گەشە و گۆرانی فیکری ئەو مایەی سەرنج و جێی بایەخە).
ئەگەر ئەمریکا باش و بەهێز و درەوشاوە و بەرپرسی بێت ئەوا ئەنفال چەمکێکە ئەو تێگەیشتنانە بە جۆرێکی رادیکال ئەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەنفال، قرکردنی کۆمەڵانێ خەڵکە بە شێوەیەکی سیستەماتیک. کە ئەمە لە هەمانکاتدا پێناسەیە بۆ جیونۆساید. چەمکی جیونوساید بۆخۆی چەمکێکی نوێیە، لە لایەن پارێزەرێکی پۆڵۆنی بە رەگەز جولەکە کە ناوی لیمکینە دارێژراوە. بەڵام ئەنفال دیاریدەیەکی کۆنە بە کۆنی ئیسلام. لە کۆندا کاتێک کۆمەڵگا بەم جۆرەی ئێستادا رێکخراو و سیستەماتیزە نەبوو ئەوا بۆ ئەوەی سەرکردەیەک بتوانێ کەسێک یان کۆمەڵە کەسانێ بنێرێت بۆ شەر دەبوو پاداشتیان بداتێ لە بەرامبەریا. لەبەر ئەمەیە لە مێژوودا هەردەم شەروتاڵانی پێکەوەبوون (سەیرە تا رۆژگاری ئەمرۆش بە جۆرێک لە جۆرەکان بەردەوامە). هاتنی ئاین یارمەتیدەربوو بۆ زیاتر تاڵانیکردن، چونکە ئاین وەک ئایدەلۆژیایەک رووپۆشێکی وەهای دروست ئەکات کە تاڵانچیەکان لە رووی وێژدانیەوە هەست بە ئازار و گۆناە نەکەن. بەڵکو لە بەرامبەردا بردنی سەروەت و سامانی دوژمن وەک هەڵسوکەتێک تەماشائەکرێت کە خودا دڵی پێیخۆشە. ئەگەر چی بەعسیەکان هەموو شتێک بوون جگە لە ئیسلام بەڵام بە ئاگایی و نائاگایی ئیسلام بەشێک بووە وەک میشێل عەفلەق دەڵێ لە کەلتوریان.

کەواتە ئەنفال بە هەمووجۆرێ دژ بەو بەهایانەیە کە ئەمریکا حەزئەکات پێی بناسرێت و بانگەشەی بۆ ئەکات. بەڵام لە نێوان ئەمریکا و ئەنفالدا پەیوەندی هەیە. پەیوەندیەک کە هەموو جوانی و چاکەیەکی ئەمریکی ئەخاتە ژێر گومانەوە. ئەگەر لە هەموو ئەو کارە جیونوسایدانەی تر کە پێش ئەنفال روویاندا ئەمریکا یان بێلایەن بووە وەک جیونۆسایدی ئەرمەنیەکان، پۆل پۆت، یان دژ بە هێزە جیونوسایدەکان جەنگاوە وەک لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەم دژ بە ئەڵمانیا. ئەوا لە ئەنفالدا ئەمریکا لایەنگری حکومەتی عێراق بوو، کە هێزێکی ئەنفالچی بوو. لەمەش سەیرتر بەپێی بەڵگەنامە ئەمریکیەکان خۆیان حکومەتی ئەمریکی لە وورد و درشتی کەمپەینەکە ئاگاداربوو.

روونکردنەوەی ئەم هەڵوێستە پێویستی بە کارێکی وورد و کاتێکی زۆرترە، چونکە ئەم هەڵوێستە لق و پۆ دەهاوێژێ بۆ چەندین ناوەند و کێشەی تر کە پێویستە لەو روانگەیەوە روونبکرێنەوە. کارێکی وەها لەوە دەرئەچی کە لە رووپەری رۆژنامەیەکا جێگای بێتەوە بەڵکو دەبێتە کارێکی ئەکادیمی. بۆ نموونە یەکێک لەو چەمکە سەرەکیانە کە دەبێ بە دوور و درێژی قسەی لە سەر بکرێت چەمکی هاوسەنگی هێزە. ئەم چەمکە لە ناوەندەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانا ماناى تایبەتی خۆی هەیە. روونکردنەوەی دەمانبات بۆ قوتابخانەی ریالیزم و دونیابینەکانی (کە زاڵترین قوتابخانەی فیکریە بە سەر پەیوەندیە نێودوڵەتیەکانی ئەمریکادا. لە دواین کتێبیا فۆکۆیاما ترسی ئەوەی هەیە کە شکستی ئەمریکا لە عێراق بیگەرێنێتەوە بۆ ئەو قوتابخانەیە، کە تارادەیەک لە سەردەستی پارێزەرەنوێکان گۆرانی بەسەراهاتووە ). لە هەمانکاتدا پێویستە لە ئیدارەی رێگن بکۆڵرێتەوە بەتایبەت لە دوو روانگەوە. یەکەم لە رووی شێوازی کارگێریەوە کە لە دونیای کارگێریا بە (نیو پوبلیک مانجمێنت) ناسراوە، کە بە ماناى شێوازی نوێ بۆ بەرێوبردنی کاروباری گشتی-دێت. ئەمە قوتابخانەیەکی نوێ و ئاڵۆزە، بەڵام بەبێ تێگەشتن لێی مەحاڵە بتوانرێ لە ئیدارەی رۆناڵد رێگن

www.dengekan.com

تێبگەین.  دەتوانرێ بووترێ چەمکی سەرەکی لەم قوتابخانەیەدا بازارە. هەرشتێک بۆ بازار باش بێت باشە هەر شتێکیش بۆ بازار خراپ بێت ئەوا خراپە. بەدڵنیاییەوە پاڵپشتکردنی ئەمریکا بۆ کێشەی کورد لە رۆژانی ئەنفالدا چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی ئابووریەوە بۆ بازاری ئەمریکا باش نەبوو. بۆیە ناوهێنانی کورد باش نەبوو ئیتر کێشە نیە لە چ دەردەسەریەکا ئەژین.

بەشێکی تر لەم تێگەیشتنە شەری عێراق ئێرانە، کە پێویستە لە روانگەی ئەنفالەوە بخوێنرێتەوە. هەڵوێستی هێزە کوردیەکان لەو ساتەدا. ئەوەی لە هەمووشی گرنگترە نەبوونی شارەزایی سیاسەتمەدارانی کورد لە مامەڵەکردن لە گەڵ رووداو چونێتی ئیدارەکردنیان لەرووی میدیاوە. بۆ نموونە تەنها یەک چالاکی لەلایەن هێزە کوردیەکانەوە دەبینرێت لە کاتی ئەنفالدا ئەویش لەلایەن مام جەلالەوە کاتێک لە گەڵ لەتیف رەشید-دا لە لە لەندەن، بۆ یەکەمجار چەمکی جیونوساید بە میدیا ئەناسێنن. پاشان مام جەلال سەفەر دەکات بۆ ئەمریکا لە و بەشەی کۆشکی سپی کە بە (فۆگی بۆتوم) یان بەشە تەماویەکەی خوارەوە بە کوردی، لەوێ لە گەڵ لاری پۆپ کۆبووەوە کە پاشان بە هیچ دەرئەنجامی نەگەشت لەبەر ئامادەبوونی سەرۆکی تورکیا لەو کاتەدا لە ئەمریکا و دەربرینی نارەزایی توند بەرامبەر دیدارەکە. (جێی باسە ئەمە یەکەم سەفەری مام چەلال بوو پاش هەشت ساڵ. لە هەمانکاتدا هیچ کام لە هێزە کوردیەکان نوێنەرایەتیان نەبوو لە واشنتوون). بەڵام سەرەرای ئەمە سەردانەکە قازانجێکی گەورەی هەبوو کە تا رۆژگاری ئەمرۆش کاریگەری گەورەی هەیە ئەویش دیداری مام جەلال بوو لە گەڵ دۆستی کورد پیتەر گابرلێث.
دیارە تا رۆژگاری ئەمرۆش خەباتی کوردی نەیتوانیوە خۆی بخزێنێتە نیو ناوەندەکانی بریار و شێوازی مامەڵە لەگەڵ لۆبیەکاندا. لەم دوایەنەدا دوو پرۆفیسۆری زانکۆی کامبریدج. کە لە کۆلیژی جۆن ئیف کەنەدی بۆ بەرێوبردنی حکومەت وانە ئەڵێنەوە بابەتێکیان لە سەر لۆبی ئیسرائیلی نووسیوە لە ئەمریکا. خوێندنەوەی وا لە مرۆڤ ئەکات سەرسام بێت بەرامبەر ئەو ئەندازە وورد و درشتە لە رێکخستن و ئەو توانا بێشومارە لە پەیوەندیکردن و فشار خستنە سەر دەسەڵات.  لە گەرانەوەم بۆ کوردوستان هاوینی رابوورد و ئامادەیی خۆمم دەربری بۆ کارکردن لە واشنتۆن لە گەڵ هێزە کوردیەکانا. چونکە لۆبیکردن و سیاسەتی ئەمریکی بەشێکی سەرەکی خوێندنی زانکۆیی منە. بەڵام ئەوەی بەلای ئەوانەوە زیاتر جێی بایەخ بوو ئایا من سەر بە یەکێتیم یان نە. بە مانایە تر تەزکیە گرنگ بوو نەک شارەزایی و لێهاتووی. لە کاتێکا ئەوانەی داکۆکیان لەسەر ئەوە ئەکرد یەکێتیان تەنها لە شار دیبوو.
چیرۆکی گابرلێث لە گەڵ کورددا یەکێکی تر لەو بابەتانەیە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و دۆکیومێنتکردن هەیە. ئەم پیاوە بە پێچەوانەی سیاسەتمەدارە کوردەکان ئەوەندەی حەز لە جلی ئوتووکراوو بۆیاخ نیە. لە هەشتاکان کاتێک ئەمریکا بە نهێنی چەک بە ئێرانیش ئەفرۆشێ کە ئیران گێت ناسراوە. پیتەر گابرلێث لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە بانگهێشت ئەکرێت بۆ پشکنینی راستیەکان. ئەم بانگهێشتە بەو مەبەستە لەلایەن عێراقەوە سازدرا بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا. (پەیوەندی نهێنی نێوان ئێران و ئیدارەی کارتەرو رێگن، چیرۆکێکی سەیرە. بەتایبەت دانیشتنەکانی پاریس و رێکەوتنەکان لە سەر دواخستنی بەرەڵاکردنی بارمتە ئەمریکیەکان، بەڵام لێرەدا جێی باس نیە، بەڵام دەتوانرێ وەک نموونەیەک تەماشابکرێت کە چۆن پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان پریەتی لە یاری و پەتپەتێن).
پیتەر کوری پرۆفیسۆرێکی پێشووی زانکۆی هارڤەردە. ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی لە کۆنگریس. ئەو بەوە ناسراوە کە هەردەم پاڵپشتی کێشە پشتگوێ خراوەکان ئەکات. (پێش ئەوەی بە کێشەی کورد ئاشنابێت سەرقاڵی کێشەی کەمبۆدیابوو). لە ساڵی 1987 پیتەر دێت بۆ بەغدا و لە گەڵ بالوێزی ئەمریکا لە عێراق پێکەوە سەفەر ئەکەن بۆ کوردوستان. ئەو کاتە پیتەر هیچی دەربارەی کورد نە ئەزانی. لە یەکەم سەفەریاندا تا شاری شەقڵاوە دەرۆن پاشان بە رێگایەکی تردا لە بەغداوە تا شاری جەلەولا سەفەر ئەکەن. کە ئەگەنە جەلەولا لە بازگەیەکی سەربازی رێگەیان پێنادەن بۆ کەلار سەفەربکەن. پاش هێنان و بردنێکی زۆر سەربازگەکە رازیدەبن بەڵام لە گەڵیاندا حمایەیەکی زۆر سەفەر ئەکات. پیتەر و باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا تا سلێمانی سەفەر ئەکەن. لە رێگا بە چاوی خۆیان گوندە روخاوەکان ئەبینن. هەردوکیان لە یادەوەریەکەیان ئەنووسن کە کەلار شارێکی زۆر ناشیرین و دڵتەنگە. (دیارە تا رۆژگاری ئەمرۆش لە بەر زاڵبوونی کەلتووری عەرەب بە شێوەیەکی زۆر لاواز نەبێت هەست بە پاکی و جوانی ناکەیت لەو شارەدا).
گابرلێث لە سەفەرەکەیا بۆ یەکەمجار کورد دەبینێ بەڵام وەهای لێناکەن کە هەڵوێستی بگۆرێ، بۆیە لە راپۆرتەکەیا ئەوە دووپات ئەکاتەوە لە ئەمریکا دەبێ پاڵپشتی حکومەتی عێراق بکات لە دژی ئێران.  بەڵام سەرەرای ئەمە دیمەنی گوندە روخاوەکانی گەرمیان و رەنگی خەمباری مرۆڤی کورد و شەرواڵە پر لە هەواکەیان، لە یادەوەریا ئەچەسپێ. ئەمە وەهای لێئەکات لە گەرانەوەیا بۆ ئەمریکا لە میدیاکاندا بەدوای هەواڵی کورددا بگەرێ. بەڵام میدیای ئەمریکی زۆر کەمجار بایەخ بەو هەواڵانە ئەدات کە دەبنە مایەی بێزاری حکومەت. چونکە زۆر بە ئاسانی میدیاکان لەلایەن خەڵکە دەوڵەمەندەکانەوە بەرێوە ئەبرێن و ئەوانیش هەردەم لە گەڵ دەسەڵاتدا تەبان. بۆیە هەرچەندە کێشەی کورد تراژیدیابێت نابێتە جێی بایەخ. لە

www.dengekan.com

هەمانكاتدا لە كۆمەڵگای ئەمریكیا میدیا رۆڵێكی جیای هەیە. وەک نۆم چۆمسكی ئەڵێت؛ میدیا خەڵك هوشیار ناكەنەوە بەڵكو بیروراو دونیابینیان دائەرێژن.

یەكێک لە هۆكارە سەرەكیەكانی بێدەنگی ئەمریكا لە كاتی ئەنفالدا، ئێران بوو. حكومەتی ئەمریكی وەهای پێباش بوو كە عێراق سەركەوێت لە شەردا لە دژی ئێران یان هیچ نەبێ نەدۆرێ و ناوچەكە بكەوێتە ژێر دەستی ئێرانەوە؛ بۆیە هەر كاتێک كە فشار ئەكەوتە سەر كۆشكی سپی یان وەزارەتی دەرەوە هەردەم دوو بەهانەیان هەبوو. یەكەم، هیچ بەڵگەنامەی تەواو بە دەستەوە نیە، دووەم، هەردوو لا وەک یەک چەكی كیمیاوی بەكار ئەهێنن. هەرچەندە هێشتا هیچ بەڵگەنامەیەک نیە كە ئێران ئەو چەكەی بەكارهێنابێت لە میانەی شەری هەشت ساڵەی لە گەڵ عێراقدا.

حكومەتی ئەمریكی هەردەم هیوای وەهابوو كە ئەگەر بێت و شەر بوەستێ ئەوا عێراق واز لە هێرشەكانی بۆ سەر كورد دێنێت. لە هەمانكاتدا بە هانەیان بۆ پەیوەندیە ئابووری و سەربازیەكانیان وەها ئەهێنایەوە كە گوایە لە رێگای هەبوونی پەیوەندیەوە دەتوانن كاریگەری زیاتریان هەبێت لە بری بەرانبەربوونەوە. بەڵام ئەمانە زۆر بەرونی بەهانە بوون بۆ درێژەدان بە پەیوەندی و بە بێبایەخ سەیركردنی كورد و كێشەكەی.

كە شەری عێراق ئێران وەستا و هەڵمەتی ئەنفال بە شێوەیەكی چرتر و پلانرێژكراو دەستی پێكرد. پیتەر گابرلێث گەشتە ئەو بروایەی كە حكومەتی سەدام مەبەستی لە ناوبردنی یەكجاری گەلی كوردە. ئەو وەک خۆی دەڵێ؛ كە هیتلەر هاتە سەر حوكم پلانی نەبوو هەموو جولەكەكانی ئەوروپا لە ناوبەرێت، بەڵكو وەک ئاشكرایە كە كارێک بە ئاسانی سەردەكەوێ بە تایبەتی ئەگەر كارێكی خراپ بێت ئەوا بەبێ گومان كاری خراپی تری بەدوادا دێت.

لە كاتی هەڵاتنی كورد لە ناوچەی بادینان بۆ سەر سنووری توركیا، لە بەر مەترسی ئەنفال و كیمیا باران، گابرلێث لە واشنتۆن پۆست هەواڵەكە دەخوێنێتەوە، ئەو دەمە ئەو خوی ئامادەئەكرد بۆ ئەوەی بچێ بۆ سەفەر بەبۆنەی پشووی رۆژی كرێكارەوە بەڵام گابرلیث سەفەرەكەی دوا ئەخات و هەر خێرا بەرەو توركیا ئەكەوێتە رێ. بە گەشتنی بۆ سەر سنووری عێراق توركیا، چەندەها خەڵكی كوردی هەڵاتوو لە پیاو و ژن و مناڵ ئەدوێنێ، بۆ ئەوەی بەڵگە كۆكاتەوە و لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە بۆ ئەمریكا. گابرلێث، لە میانەی سەفەرەكەیان رۆژێک لەلای ماڵە كوردێكی باكور دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی نان و هەنگوین بخۆن لەو دەمەدا كابرای خاوەن هەنگ پێی دەڵێ كە زۆر لە مێشەكانی مردوون بەهۆی ئەو گازە كیمیاویەی كە لەودیووی سنوور لە عێراق رێژراوە. گابرلێث بریار ئەدات لەگەڵ خۆیدا چەند مێش هەنگێ بباتەوە بۆ ئەمریكا. لەوێ هەندێكیان ئەداتە سی ئای ئەی هەندێكیان لای خۆی ئەهێڵێتەوە. دیارە هەوڵی گابرلێث بۆئەوەی كۆنگریس بریاری دژ بە بەكارهێنانی چەک بدات، چیرۆكێكی درێژە، لێرەدا بوارنابێ هەمووی بگێرینەوە. بەڵام بۆ دەرخستنی هەوڵی ئەو پیاوە بۆ كێشەی كورد كورتە نامەیەكی وەرئەگێرمە كوردی كە وەک ئاگاداریەک بۆ ئەندروی كوری جێئەهێڵێ پێش سەفەرەكەی بۆ كوردوستان لە كاتی راپەریندا. نامەكە وەها دەست پێ ئەكات؛ ئەندروی ئازیز، بە هیوام هەرگیز ئەم نامەیەت بە دەست نەگات. بەڵام ئەگەر بەدەستت گەشت ئەوا چەند شتێک هەیە حەزئەكەم بیزانی.

یەكەم، من سەفەرئەكەم بۆ كوردوستان چونكە بروام بەیارمەتی خەڵكی لێقەوماو هەیە. كورد لە یاخی بووندان دژ بە رژێمێكی درندە، خەڵكەكەیان پێویستیان بە یارمەتیە، لە سەرووی هەموویەوە خواردن و داو دەرمان. بەرۆشتنم بۆ ئەوەی بە هیوای ئەوەم كە كۆنگریس رازیكەم بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات. دووەم، من زۆر داوای لێبووردن ئەكەم كە ناتبینم گەوربیت. من و دایكت لە یەک جیابووینەوە كە تۆ هێشتا مناڵ بوویت، لە بەرئەوە من تۆ هەرگیز وەک خێزانێ نەبووین. بەڵام من تۆم زۆر خۆشئەوێ و دڵنیام ئەبیتە كەسی سەركەوتوو. ژیانێكی باش و پر لە مەحەبەت و بایەخ بژی. خۆشەویستی باوكت. گابرلێث ئەم نامەیە لە دیمەشق ئەنووسێ، چونكە كە ئەپەرێتەوە بۆ كوردوستان مەترسی ئەوەی هەیە بكوژرێت. كاتی سەفەرەكەی گابرلێث بۆ كوردوستان 30 ئازاربوو كە لە شەوەكەیان بە خەبەریان هێنا بۆ ئەوەی هەڵبێت چونكە كۆرەوەكە دەستی پێكرد.

چیرۆكی گابرلێث بە بەراورد لەگەڵ هەڵوێستە دڵرەق و بێبەزەییەكانی ئیدارەی رێگندا، دوو رووی جیاوازی ئەمریكان. ئەو سەردەمانەی ئەمریكا رۆژگارێكی جودابوون لە ئێستا. ئەو رۆژگارە خەڵكی ئەمریكا بروایان وەهابوو كە هیچ هێزێک نیە بتوانێ دەستی بگاتە وڵاتەكەیان. كێشەی نەتەوەیەكی شاخاوی كە پەرتوو بڵاوبووە لە نێوان كۆمەڵێ وڵات و كۆمەڵگای دوور لە هەموو بەهایەكی مرۆڤانە، نە ئەبووە جێی بایەخ بۆیان. لە هەمانكاتدا كەپیتالیزم بە تایبەت لە شێوازە ئەمریكیەكەیدا مرۆڤێكی بەرهەم هێناوە كە بێئاگایە لە هەموو رووداوێک و دیاریدەیەک لە نێو كۆمەڵێ خەون و چەمكی بێمانادا گیرۆدەبووە، كە ترس نەبێ هیچ هیزێكی تر نیە بتوانێ بە ئاگایان بێنێتەوە. بەڵام سەرەرای هەموو ئەمانە ئەمریكا وەک هێزێک بە بەراورد لە گەڵ ئەوروپا یان كۆمەڵگا ئیسلامیەكاندا هیزێكە دەیان هەزارجار خاوەن ئەخلاق ترە.

چیرۆكی كورد لەگەڵ ئەمریكادا لە دەقی رۆمانێكی دڵداری ئەچێ. دۆستایەتی، خیانەت، پشتگوێخستن، جارێكی تر نزیک بوونەوە و بەردەوام بوون بەرەو چارەنووسێكی نادیار. بەپێی هێنری كیسنجەر چیرۆكی

ئەمریکا لەگەڵ کورددا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1972کە لە 1975دا ئاشبەتاڵەکەی بەدواوە بوو. سەرەرای ئەم پەیوەندیە پڕ لە هەڵبەزوو دابەزە سەرانی کورد هەردەم بروایان وەهابووە کە ئەمریکا ئەو هێزەیە کە توانای چارەسەری کێشەی کوردی هەیە. تەناتەت پاش رێکەوتنی جەزائیر مەلا موستەفای بارزان، لە سەردانەکانیا بۆ ئەمریکا بروای بەوە هەبوو کە ئەمریکا ئەتوانێ ببێتە فریادرەس. هەرچەندە ئەو لەلایەن سی ئای ئەیەوە وەک کەسێکی دەستبەسەر وەهابوو لە ووڵاتەدا. بە ئاگابوونی ئەمریکا لە رووداوەکانی ئەنفال و بێدەنگ و بوون و هەوڵدان بۆ رێگرتن لە هەموو هەوڵێک بۆ گەشتنی دەنگی ئازاری کورد بە رای گشتی دونیا، یەکێک لە سیفەتە بنەرەتیەکانی ئەم هێزە درئەخات، کە هەرکە بەرژەوەندیەکان پێویستی کرد ئەوا دەبێتە ئەو ئاژەڵە ترسناکەی کە هۆبز باسی لێوەئەکات. لێرەوە رەخنەی چەپ سەرهەڵئەگرێ کەئەم هێزە وەک بونیاد لە توانایا نیە مرۆڤانە هەڵسوکەوت بکات.